# میتۆدی بونیاد گەریی و تیڕوانینێکی پڕاگماتیکی
# (مۆبایلە شیعر) بەنموونە

**د. نەوزاد ئەنوەر عومەر**
**زانکۆی کۆیە**
**فەکەڵتی پەروەردە - بەشی زمانی کوردی**

## پێشەکی

مۆبایلە شیعر جۆرێکە لەجۆرەکانی شیعر، کە دوای ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییە گەورەیەی باڵی بەسەر هەمولایەنەکانی ژیاندا کێشاوە، هاتۆتەکایەوە.ئەم جۆرەی شیعر کورتەو بەچەند وشەیەکی کورت وپڕ مانا لەچەند نیوە دێڕێکدا مەبەست دەگەیەنێت. شاعیر هەست و سۆزو خۆشەویستی ومەبەستی بە چەند دێرە شیعرێك بە نامەی مۆبایلی SMS دەنێرێت بۆهەرکەسێکی مەبەستی بێت.

دوای ئەوەی سیمانتیك لەئاست مانای هەندێك کەرەسەی زمانی دەستەوەستاو بوو، زانستی پڕاگماتیك هاتەئاراوە، چارەسەری هەموو ئەو کێشانەی کرد کەدەهاتنە ڕێگای سیمانتیك. بوارەکانی

پڕاگماتیك دەمانگەیەنن بەواتای شاراوەو مەبەستی دیاریکراو لەهەموو دەق و وتراوێك و مەبەستەکانمان بۆ ئاشکرادەکەن و تێگەیشتن لەدەقەکان و وتراوەکان دەهێننە ئاراوە.

میتۆدی بونیادگەری ڕۆڵێکی زۆر کاریگەرو سەرکەوتوی لەپێشخستن و هێنانەکایەی دەقی ئەدەبیدا هەیە، ڕۆڵێکی کاریگەرو زیندو بەخوێنەری دەق دەدات و دەق لەهەموو شتێك دادەبڕێت و وەکو لاشەیەکی ئامادە بۆنەشتەرگەری لێدەکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی بونیادگەری خوێندنەوەیەکی پڕاگماتیکیانە بۆمۆبایلە شیعر دەکات، لایەنێکی باشی ئەم لێکۆڵینەوەیە گرێدان و تێکەڵکردنی زمان و ئەدەبە بەیەکتری و ئاشنابونە بەجۆرەکانی ئەدەب.

بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە باسی میتۆدی بونیادگەریی وبنەماو پڕانسیپەکانی دەکات وئاماژە بەپەیوەندی نێوان زمان و دەق دەکات. لەبەشی دوەمدا باسێکی کورت دەربارەی زانستی پڕاگماتیك و بوارەکانی کراوە، دواتر بەشێوەیەکی پڕاکتیکی و لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدی بونیادگەری واتای پڕاگماتیکی بەسەر مۆبایلە شیعردا جێ بەجێ کراوە.

## بەشی یەکەم

### ١ / ١ ) میتۆدی بونیاد گەری:

((بونیادگەری میتۆدێکی تازەیە، سیمای ڕوون و ئاشکرای لەهزری نوێدا هەیە. بەوەی کۆمەڵێك دیالۆگی لەگەڵ کۆمەڵێك زانستدا هەیە ، وەك زمانەوانی، ئەنسرۆ پۆلۆجی ، دەرونزانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەرەسەیەکی تێروانینی و شیکردنەوەیە)). (فاضل ثامر ١٩٩٣:٢٣٦) پێش ئەوەی باسی میتۆدی بونیادگەری بکەین ، بەپێویستی دەزانین بەشێوە یەکی گشتی باسێکی کورتی ڕەخنە بکەین. ڕخنە یەکێکە لەهۆکارو بنەماو دیاردەکانی داهێنانی ئەدەبی، فۆڕمەکانی هونەریی و نیازو مەبەستە هزری و ڕۆشنبیریەکان پێشدەخات، ڕەخنە لەهەمووکات و ساتەکاندا هۆی پێشکەوتنی ژانرە

ئەدەبیەکان بووە. لەپێناو ژیانەوە و پەرە سەندنی ڕە خنەی ئەدەبی پێویستی بەبیری ڕەخنەیی و کەشی ئازاد لەبیرکردنەوەو وتن هەیە، هەروها دەبێت لەبەرانبەردا هەمیشە بیری ڕەخنەیی بەرهەم بهێنێت، هزر یەکێکە لەخاڵەکانی کارکردن لەدەقدا، ڕەخنەی هزری کارێکی پێویستی بەتوانایەکی تایبە ت و خوێندنەوەیەکی بلیمەتی هەیە. (ئازاد ئەحمەد ٢٠٠١: ٤)

لە (معجم مصطلحات الادب) ی (مجدی وهبە) دا هاتوو: (( ڕەخنەی ئەدەبی کۆمەڵێ شێوازو ڕێگای جیاجیایە بەپێی جیاوازی ڕەخنەگران بۆناسین و پشکنینی بەرهەمە ئەدەبیەکان، بەمەبەستی ڕونکردنەوەو لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی و حوکم و بڕیاردانیش بەسەریدا لەبەر ڕۆشنایی ئەو میتۆدەی کە رەخنەگر سودی لێدەبینێت. ( فوئاد ڕەشید ٢٠٠٥: ٧٧ )

دکتۆر حسیم حمری دەڵێت : (( ڕەخنە کردەیەکی (ئەدەبی — زمانەوانی) وچالاکییەکی فیکری و مرۆڤایەتییە ڕەخنەگرئەنجامی دەدات بەمەبەستی ئاشکراکردنی مانایەك لەماناکانی یان ڕاستکردنەوەی چەوتییەکیان ئاماژەکردن بۆ ڕوویەکی ئیستاتیکی دەقی ئەدەبی)). (سەرچاوەی پێشو )

میخائیل نعیمە دەڵێت: (( کاری ڕەخنەگر تەنیا بژارکردن و هەڵسەنگاندن و ڕێکخستن نییە، بەڵکو لەگەڵ بژارکردن وهەڵسەنگاندن و ڕێکخستن، داهێنەرو فێرکارو پێشەواشە)) . (میخائیل نعیمە ١٩٧٨: ١٨) . ڕەخنە لەگەڵ ئەوەی ئامانجی ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندن و ئەوئاشکراکردنەی کەهەیەتی، لەئامانجی بەقوڵایی ئاگایی و چێژ وەرگرتن ڕۆدەچێت و کەموکورتییەکان بەتێپەڕاندنێکی داهێنەرانە تێدەپەڕێنێت، کەواتە ڕەخنە جیهانبینیەکە بە ناوەڕۆکی شاراوەو مەبەستەکانی دەقمان دەگەیەنێت.

بنیادگەری بەمیتۆدێکی وەسفی دادەنرێت، وپێی وایە کاری ئەدەبی دەقێکی داخراوە بەسەر خۆیدا، خاوەنی یاسای ناوەکییە و ئەم یاسا ناوەکییەی یەکگرتویی پێدەبەخشێت، ئەویاسایە لەڕیزکردنی ڕەگەزەکانی دەقدانییە، بەڵکو لەتۆڕی پەیوەندییەکاندایە،کەلەنێوان وشەکاندا دروستدەبێت

و بونیادەکەی ڕێکدەخات. لێرەدا بونیادگەری گرینگی تەواو بەو بونیادەی کاری ئەدەبی دەدات،کەلە ڕێگەی لێکدانەوەیەکی ناوەکییەوە سیستەمەکەی خۆی ئاشکرادەکات.(بەسام قطوس٢٠١١: ١٦٠)

ڕەخنەی بونیادگەری لەچوارچێوەی دەق دەسوڕێتەوەو دابڕاوە لەهەموو شتێك، وەك دانەرو کۆمەڵ و ئەو بارەی کەتییادا گەشەی کردوە، تاکە لۆجیکێك کەئەدیب پێی هەڵدەستێ ئەوەیە کە لە گوتارەکەو زمانەکە دەرناچێت.

ماهییەتی ئەم جۆرە ڕەخنەیە شیکردنەوەیە نەوەك هەڵسەنگاندن، ئامانجی ئەم جۆرە ڕەخنەیە خستنە ڕووی چۆنیەتی پێکهاتەی کاری ئەدەبیی و وەرگرتنی واتای پێکهاتەکانیەتی. (صلاح فضل ١٩٨٧: ٣٣٥) .

## ١/ ٢ ) میتۆدی پڕاگماتیکی

ئەم میتۆدە بەزمان ناسی دەقەوە بەستراوەتەوە، بریتییە لەچۆنیەتی بەکارهێنان و کارکردنی زمان، جەخت لەسەر دەستنیشانکردنی شوێن وبەهای دەوروبەر(سیاق) دەکاتەوە،کەدەق لەکاتی ئەنجادانی کرداری وتو وێژ لەنێوان نوسەر (دەق نوس) و وەرگر (خوێنەر)، کە لەئاستی زارەکی یان نوسین دەهێنێتەدی. ئەم تیۆرە هەوڵدەدات لەڕێگای بەکارهێنانی زمانەوە دەق و کردارەکانی دەوروبەر بەیەکتریەوە ببەستێتەوە ، هەڵوەستە لەسەر پاراستنی دەلالەتەکانی دەق لەنادیاری و لێڵی و لادان و ...هتد. بگرێت و بەبابەتە زمانییەکانیەوە گرێبدات. (ئازاد ئەحمەد ٢٠١١ : ٢٦)

تیۆری پڕاگماتیك جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان خوێنەرو کارە ئەدەبییەکەی دەکەنەوە . دەق وەکو ڕۆنانێك سەیردەکرێت ، کە چ کاریگەریەك لەسەر جەماوەر دروستدەکات، بەواتای ئەوەی کارە ئەدەبیەکە لەڕێگەی ئەوەوە بونیاد دەنرێت ، ئایا چ کاریگەریەکی هەیە لەڕووی چێژو جوانی و فێرکردن و ... هتد.

میتۆدی بونیادگەری ،دەق دادەماڵێت لەهەموو شتێکی وەك پلەو پایە ، باری کۆمەڵایەتی و سەردەم و ڕۆشنبیری و ناو ناوبانگی نوسەر. بەوشێوەیە سەیری دەق دەکات، وەك کەڕولاڵ و بێ دەم و زار سەیردەکرێت، بەڵام خوێنەر بەپێی شارەزایی و لێهاتویی و زانیارییەکانی خۆی ، واتای دەقەکە لێکدەداتەوە و ڕاڤەی دەکات. لێرەدا خوێنەر بەبەرهەم هێنەر دادەنرێت، چونکە چەندکەس بیخوێنێتەوە ئەوەندە خوێندنەوەی بۆدەکرێت، هەر خوێنەرێکیش بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی تر ڕاڤەی دەکات.

## ١/ ٣ ) دیالەکتیکی خوێندنەوە و نوسین

تۆدۆرف دەڵێت: ((نوسین دوو واتای هەیە، واتا تایبەتیەکەی بریتییە لە سیستەمی هەڵکەندراوی زمانێکی تۆمارکراو، واتا گشتییەکەشی بریتییە لە هەموو سیستەمێکی شوێنیی و دەلالی بینراو)). (Iser, wolfgahy ١٩٧٩ :١٩٣)

پەیوەندی نێوان خوێندنەوەو نوسین پەیوەندییەکی دیالەکتیکییە، چونکە پرسیار لە خوێندنەوە، پرسیار لەزمان بەدوای خۆیدادێنێت. خوێندنەوەو نوسین دوو ڕووی یەك دراون ناتوانرێت یەکێکیان لەویتریان جیابکرێتەوە، بەبەڵگەی ئەوەی کاتێك بەرهەمێك دەنوسرێت پێش بڵاوکردنەوەی ژیانێکی خەملێنراو ومەزەندەیی دەژی، بەڵام بەهاتنەدەرو بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی بۆناو خوێنەران، لێرەوە ژیانی کارەئەدەبییەکە دەگات، چونکە پەیوەندی بە نوسەرەکەوە دەپچڕێت بۆئەوەی لەگەڵ خوێنەردا دەست بەگەشتەکەی بکات، کەواتە بەرهەمی ئەدەبی پاش بڵاوکردنەوەی بوونی دەبێت. خوێندنەوە تەنها لەگەڵ نوسیندا دەکرێت، کردەیەکە تەنها دەقی نوسراو دەیهێنێتە ئاراوە، دەق وەك بانگەوازێکە، خوێندنەوەش پێویستە وەڵامی ئەم بانگگەوازە بداتەوە. (حسین الواد ١٩٨٨: ١٩٠)

جیاکردنەوەی خوێندنەوەو نوسین ، یاخود خوێنەرو نوسەر جیاکردنەوەیەکی نابابەتییە، چونکە دەقی ئەدەبی بۆ خوێنەر یان خوێنەری جیاوازەوە دەنوسرێت خوێنەر دوای ئەوەی لە پرۆسەی داهێنانی دەقدا ڕۆدەچێت ، هەلی ئەوەی لەبەردەمدایە بۆشایی و کەلێن و سپیایەکانی دەق بدۆزێتەوە. ( محمد

العظيم ١٩٩٢: ٢٣٨) کەواتە خوێندنەوە توانای بەشداریکردن لەکردەی خولقاندندا بەخوێنەر دەبەخشێت. ئەوداهێنەرانەی بەردەوام دەقی داهێنەرانە بەرهەم دێنن ڕودەکەنە ڕێگەی نوێی خوێندنەوە، کەبەهای نوێی تێگەیشتنی لێوە بەرهەم دێت و ئەمیش خوێندنەوەی نوێی لێوە بەدیدێت.

ئەو خوێنەرەی لێرەدا مەبەستە خوێنەرێکی سادەو ئاسایی نییە، وەك فیش دەڵێت: (( خوێنەرێکی زانایەو توانای ئەوەی هەیە ئەزمونی خوێندنەوەو بونیادی مەبەستەکەی ئاوێتە بکات)). ( Stanly fish ١٩٨٠ : ١٦٥ ). واتە خوێنەرێکە بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت کە دەق ڕاشکاوانە نەیگوتوە، کۆدە پەرش و بڵاوەکانی ناودەق ، یان گوتار دەکاتەوەو بەدوای کەلێندا دەگەڕێت تاپریان بکاتەوە.

ڕەخنەی بونیادگەری لەو ڕوانگەیەوە کە نەوەك زمان هەر ئامرازو کەرەستەی دەستی نوسەرە، بەڵکو(بارت) گوتەنی ،لەدەقدا ئەوە زمانە لەجیاتی نوسەر قسە دەکات لەم ڕوانگەیەوە بونیادگەری لەکرداری ڕەخنەدا دەق لەهۆکارەکانی ( مێژو، نوسەر، کۆمەڵ ) دادەبڕێت و بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت کەلەم کارەدا پشت بە چەمك و بنەماکانی زانستی زمان ببەستێت سەرقاڵی شیکردنەوەی پێکهاتەی زمانی دەقەکەبێت، کەواتە ڕەخنەی بونیاد گەری شیکردنەوەیەکی وەسفییە بۆ تاقەڕەهەندێکی دەق کەبونیادی زمانەکەیەتی. ( فوئاد ڕەشید ٢٠٠٥ : ١١٠ ).

یاکۆبسن دەڵێت دەق دەستەن:

دەستەی یەکەم ، پەیام و مانایەکی تایبەت لەڕێگای زمانێکی ساکارو بێ گرێ دەردەبڕن . بۆخوێندنەوەی ئەم جۆرە دەقانە

پێویست ناکات چاوی سەرنجمان ببڕینە زمانەکەی.

دەستەی دووەم، پەیام وابەستەی شێوەی دەربڕینە لەم دەستەیەدا پێچ وپەناو ڕاز و ڕەمزی زمانی بەلایەنی باشیی دەق دەژمێردرێت، ئەم دەقانە زمانێکی زیندویان هەیە. (عبدالخالق یعقوبی ٢٠٠٥ :

١٢٩). زمانێك كە وامان لێدەكات تێبفكرين و لێی ورد بینەوە، بەڵام ئەم زمانە بۆداڕشتن وتێگەیشتنی مانای بێ ئەژماری دەق ڕێگاخۆشدەكات.

دیسانەوە یاكوبسن دەڵێت : ((بەڕاستی شاعیر خولقێنەری ئەوپەڕی زمانە Metalanguage)). (سەرچاوەی پێشو ١٣١)

شیعرلە دوو ڕێگاوە كاریگەری لەسەر هەستی خوێنەر دادەنێت:

یەكەم : ڕاستەوخۆ واتە لە ڕێگای مۆسیقاو ڕیتمی وشەو ڕستەكانەوە.

دووەم: ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگای كۆمەڵە وێنەیەكی خەیاڵی و ئاماژەوە.

هەر ڕستەو فرێزێك سێ ڕەهەندی هەیە:

١- دەنگ .
٢- مانای فەرهەنگی .
٣- واتای سیاقی لەناودەقدا.

مانای فەرهەنگیی ئەو مانایەیە كە وشەكە وەریدەگرێت لە ناو فەرهەنگدا،واتایەكی گشتییە.

مانای دەقی، ئەو مانایەیكە وشەیەك دەیگەیەنێ مەناودەقەكەدا(لەودەوروبەرەدا).

## ١ / ٤ ) بنەماو پڕەنسیپەكانی بونیادگەری

١- بونیادگەری دژ بەومیتۆدانەیە كەئەدەب لەڕوانگەی هۆكاری دەرەوەو ژینگەدا دەبینن، بونیادگەرەكان چەخت لەسەر گەوهەری ناوەوەی دەق دەكەن بێ گوێدان بەهۆكاری كۆمەڵایەتی و سیاسی و باری دەرونیی و ئایدۆلۆژیای نوسەر.(شكری عزیز١٩٨٥: ١٨٣)

٢- ئامانجی ڕەخنەی بونیادگەری شیکردنەوەیە، نەوەکو هەڵسەنگاندن، باشیی و خراپی کاری ئەدەبی ئامانجی ئەم میتۆدە نییە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی یان چۆنیەتی ودەرخستنی پێکهاتەو واتایە. ( صلاح فضل ١٩٨٧ : ٣٣٣ )

٣-دەق خاوەن بونیادێکی قوڵی شاراوەیە و ئامانجی شیکردنەوەی بونیادگەری دۆزیینەوەی ئەو ئاستە قوڵەیە.

(علی تاهیر ٢٠٠٨ : ١٠٦)

٤-بونیادگەری باوەری بەلایەنی کۆمەڵایەتی و خودیی ئەدەب نییە، زیاتر جەخت لەسەر پێکهاتەیەکی زمانەوانی سەربەخۆ دەکەنەوە، بەوەی کەسیستەمێکە لەهێماو دەلالەت ، لەدەقدا بەرجەستە دەبێت و پەیوەندی بەدەرەوەی دەقەوە نییە.

٥-بونیادگەرەکان باوەڕیان وایە، کەخوێنەر نوسەری ڕاستەقینەی دەقە، هەرچەندە خوێنەر خاوەن باگڕاوندی ڕۆشنبیری بەرفراوان بێت، خاوەن خوێندنەوەی باش دەبێت، هەر لەم ڕوانگەیەوە خوێندنەوەی جۆراوجۆری دەق هەیە.

## ١/ ٥ ) پەیوەندی زمان و دەق

ئەوەی دقێکی ئەدەبی لەدەقێکی تری ئەدەبی جیادەکاتەوە هێزی خەیاڵ و شێوازی دەربڕین و چۆنیەتی مامەڵەکردنی نوسەری هەریەکێك لەو دەقەیە لەگەڵ زماندا، هەر قوتابخانەو میتۆدێکی ئەدەبی، کەدەبێتە خاوەن تایبەت مەندییەکی خۆی و لەقوتابخانەو میتۆدی تر جیادەکاتەوە زیاتر لەلایەنی بەکارهێنانی زماندایە.

لەلای ( ئەرستۆ ) دەربڕین، ئەو دەنگە یان کۆمەڵە دەنگەیە کە گوزارشت لەو هەست و نەست و هەڵچونە دەکات ، کەلەناخی مرۆڤدایە، هەروەك چۆن نوسین هێمای ئەو وشانەیە کە لە دەنگ

پێکدێن.گەل و نەتەوەکان لەنوسیندا لەیەکتری جیان، هەروەك چۆن لەزمانیشدا جیاوازیان هەیە، بەلاَم ئەوەی کەلەنێوان هەموو گەل و نەتەوەیەکدا هاوبەشە، ئەو هەلَچون و هەست و سۆزەیە کەلەهەموو مرۆڤێکدا هەیە. (عمرمیراودەلی ٢٠٠٨ : ١٩). دەشێت ڕوداوێك کاریگەری وەك یەکی لەسەر دووکەس هەبێت، بەلاَم کاتێك ئەم دوو کەسە دەیانەوێت گوزارشت لەم حالَەتە بکەن شێوازی دەربڕینی هەر یەکێکیان لەیەکتری جیایە، ئەوەی لەیەکتریا ن جیا دەکاتەوە دەسەلاَت و بالاَدەستی هەریەکێکیانە بەسەر زمان و چۆنیەتی دەربڕینیی و گوزارشتکردن لە حالَەتەکە. شاعیر لەویاریەزمانییەی کەئەنجامی دەدات، خۆی لەبەکارهێنانی مانای فەرهەنگی وشەکان دوور دەخاتەوە، بۆئەم مەبەستەش پێویستی بەشارەزایی و ئەو گەمە زمانییە هەیە کە مانای نوێ و جیا لەمانای فەرهەنگی بە وشە دەبەخشێ.

ئەو وشەو زاراوانەی شاعیر لەدەقێکی شیعریدا بەکاریان دەهێنێ ، هەمان مانا نابەخشێ کەلەزمانی ئاخاوتندا هەیانە. نوسەر بەهەمهێنەرو خاوەنی دەقە، بەلاَم ئەوە بەو مانایەنا، کەجگە لە نوسەر کەسێکی دیکە بۆی نییە خۆی بکات بە خاوەنی دەق، هەندێکجار ڕەخنەگر هۆشیارانەو بەڕێنوێنی میتۆدو جۆراوجۆرەکانی ڕەخنە، پەی بەنهێنی و لایەنە نادیارەکانی دەق دەبات و جوانییە شاراوەکانی بەشێوەیەك ئاشکرادەکات، کەنوسەری دەق هەستی پێنەکردوە، ئەرکی ڕاڤەکار ئاشکراکردن و دەرخستنی ئەوماناو مەبەستە نادیارانەیە کەلە پشت ماناو مەبەستە دیارو ئاشکراکانەوەیە.

بۆ ئەوەی دەقێك لە دەقێکی دیکە جیابکەینەوە، لەتواناو دەسەلاَتی نوسەری ئەو دەقانەوە سەیری دەقەکان بکەین، ئەمەش زیاتر پەیوەندی بەو ئازادیەوە هەیە، کەنوسەر لەمامەلَەکردن لەگەلَ زمانی دەقدا ئەنجامی دەدات. مرۆڤ لەزمانی ئاخاوتندا چەندە تواناو چالاکییەکانی سنوردارن ، ئەوا لەزمانی دەقدا بەپێچەوانەوە بەئازادی مامەلَە لەگەلَ زماندا دەکات و سنورەکان دەبەزێنێ. ( عمر میراودەلی ٢٠٠٨ : ٨٠) .

## بەشی دووەم

# خوێندنەوەیەکی پڕاگماتیکی بۆ مۆبایلە شیعر

**٢ / ١) پڕاگماتیك:** زاراوەی پڕاگماتیك Pragmatics لە وشەی پڕاگمای Pagma گریکی وەرگیراوە بەمانای کارکردن یان پڕاکتیك دێت. (جميل صليبا ١٩٧١ : ٢٠٣) .

ئەم زاراوەیە بۆیەکەم جار لەساڵی ١٩٣٨ لەلایەن چارلس مۆریس، لەکتێبی ڕەمزەکان Semiotics بەکارهاتوە، کەلەسێ بەش پێکهاتوە.

١-ڕستەسازی : بریتییە لەپەیوەندی ڕەمزەکان لەناو خۆیاندا.

٢- واتاسازی : بریتییە لەپەیوەندی ڕەمزەکان لەگەڵ دەوروبەردا.

٣-پڕاگماتیك : بریتییە بریتییە لەپەیوەندی نێوان هێماو بەکاهێنەرەکەی.

( میلکا اڤینیچ ١٩٩٦ : ٣٥٢)

پڕاگماتیك دۆزینەوەی یاساگشتییەکانی بەکارهێنانی زمان و ناسینی توانای مرۆڤە بۆبەردەوام بوون لە ئاخاوتن. ئامانجی پڕاگماتیك لێکۆڵینەوەیە لەبەکارهێنانی زمان لەدەوروبەرێکدا، پڕاگماتیك ئەوە نییە هەرچی نەتوانرا لێکبدرێتەوە فڕێ بدرێتە بواری پڕاگماتیك، بەڵکو ئەرکی ڕەواندنەوەی تەمومژیو لێڵی واتایی و دۆزینەوەی چارەسەرو لێکدانەوەی گونجاوە.(١٥ : G.Leech١٩٨٣). پڕاگماتیك بریتییە لە لێکدانەوەی واتای ناو دەوروبەر، واتە مەبەستی قسەکەر لەدەوروبەرێکی دیاریکراو.

## ٢ / ٢ ) بوارەکانی پڕاگماتیك

١-کردە قسەییەکان : کردەقسەییەکان بۆچونێکە قسەکردن بەئەنجامدانی کارێك دادەنێ. پوختەی تیۆرەکە((ئەگەر لە واتای هەر گوتنێك ورد ببینەوە، کەقسەکەر بەکاریدەهێنێت، دەتوانین لە دوو ڕوانگەی جیاوازی واتاییەوە سەیریبکەین، کەدوو واتای جیاواز ببەخشێت.ئەویش واتای دەرەوە(گشتی)،واتای شاراوە،کەبریتییە لەڕاپەڕاندنی کارێك)).(قیس کاکل٣٩:١٩٩٥)

واتا گشتییەکە ئەو واتایەیە کە ئاشکراو ڕونەو وەسفی بارودۆخەك دەکات، لەپاڵ ئەم واتا ئاشکرایە واتایەکی شاراوە هەیە، ئەم مەبەستە شاراوەیە بەپێی بارودۆخی قسەکردنەکە دەگۆڕێت، کەبریتییە لە ڕاپەڕاندنی کارەکە کە(( ئاگادارکردنەوە، یان دڵنیاکردن، یان ترساندن، هەست وروژاندن، یان پرسیارکردن، یان هەڕەشە ...هتد)).

٢- نیشانکارەکان : ئەو فۆڕمە زمانییە تەمومژاویانەن، کە ئاماژە بۆ کەس و کات و شوێن و پلەو پایەو ...هتد. دەکات. ئەو کەرەستانە دەگرنەوە کەزمان و دەوروبەر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، وەکو نیشانەکانی( کات و کەس و شوێن و تێکست و نیشانەی کۆمەڵایەتی).ئەم نیشانانە پەیڕەوی ئاماژەکردن پێکدێنن و لەڕێزماندا ڕەنگدەداتەوە.(عبدالواحید مشیر٢٠١١:٩٥)

نیشانکارەکان ئەو ئامرازانەن کەڕۆڵی پڕاگماتیکی دەبینن و واتاکانیان لەدەوروبەردا دەدۆزرێتەوە، نیشانکارەکان واتایەکی گۆڕاویان هەیە بەپێی ،کەس و کات و شوێن و باری کۆمەڵایەتی. نیشانکارەکان ئەو وشانەن یان ئەو بەشانەی ئاخاوتنن، کەلە هەندێك باردا بەهۆی دەوروبەرەوە کات و شوێن و کەسانی وتن دیاریدەکەن .

٣-گریمانەی پێشەکی[١] : بریتییە لە هەڵێنجانی واتایەك لەڕستەیەکی دیاریکراوەوە لەلایەن وەرگری ڕستەکەوە، لەبەر ئەوەی وەرگر گریمانەی پێشەکی دەکات نەوەك ڕستەکە. ئەو واتایەی لەئەنجامی گریمانەی پێشەکی کردنەوە بەدەست دێت بەرهەمی وەرگرە، وەرگر بە لەبەرچاوگرتنی دەقی ڕستەو جۆری ڕۆنانی ڕستەو کاری ڕستەکەو دەوروبەری ڕستەکەو زانیاری دیاریکراوی تر گریمانەی پێشەکی دەکات، نەوەك تەنها لە لۆجیکی ڕستەکەوە. ( Yule ٢٠٠١: ٢٦) .

گریمانە پێشەکییەکان کۆمەڵە زانیاریەکن ، کە قسەکەر پێشەکی گریمانەی ئەوە دەکات، کە گوێگر دەیانزانێت و پێویستی پێیان نییە، بۆیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسیان ناکات، بەڵام گوێگر لەپەنای هەندێك زانیاری تری ناو ڕستەکەوە گریمانە پێشەکییەکان یاخود زانیاریەکان دەدۆزێتەوە. (بەکر عومەر ٢٠٠٠ : ٨٠)

٤-لێکەوتەی ئاخاوتەیی [٢] : کاتێك قسەکەر کەمەبەستێك یان پەیامێکی دەبێت لەڕێگەی گوتنەوە دەیگەیەنێتە گوێگر، بەڵام زۆر جار دەبینین قسەکەر کە وتەیەك دەردەبڕێت، زۆر زیاتر دەگەیەنێت لەوەی کەدەیڵێت گوێگریش کە وتەکە دەبیستێت گریمانەی ئەوە دەکات کەقسەکەر هاریکارەو دەیەوێت شتێك بگەیەنێت، ئەوشتەش دەبێت زیاتر بێت لەوەی کەوتەکە نیشانی دەدات، ئەم واتا زیادەیە پێی دەگوترێت لێکەوتە. ( عومەر مەحمود ٢٠٠٩ : ٣)

لێکەوتەی ئاخاوتەیی خەسڵەتی کورتبڕی تێدایە، ئەوەی کەوتراوە زۆر کەمترە لەوەی کەمەبەستە. گرینگی لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە دەربڕینیی چۆنیەتی گونجاوی واتاو مەبەستەکاندایە، کەتا چەند گوێگرو خوێنەر پەی بەواتا شاراوەکان دەبەن. لێکەوتەکان شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئاخاوتنن،

---

(١) << : نیشانەی گریمانەی پێشەکیی.

(٢) <+ : نیشانەی لێکەوتەی ئاخەوتەیی.

بەتایبەتی ئەو زانیاریانەی کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرنەبڕاون. واتە دەرەنجامی ئەوشیکردنەوەو لێکدانەوانەن کەگوێگر لەئاخاوتنەکان بەدەستی دەهێنێت.

٥-بنەمای هاریکاری: بەباوەڕی (گرایس) بەکارهێنانی زمان چالاکییەکی هۆشەکییە(عقلانی) وئامانجی هاریکاریکردنە لەنێوان هاوبەشەکاندا، بۆیە پێویستبوو ئەو بنەماو یاسایانەی کەمێشکی مرۆڤ ئاڕاستەیان دەکات بۆئەوەی ئاخاوتن سەرکەوتووبێت نیشان بکرێن. ( عومەر مەحمود ٢٠٠٩ : ٥)

بەبۆچونی (گرایس) گەیشتن بەواتای هاوبەش لەئاخاوتندا لەڕێگەی بنەمای هاریکارییەوە بەواتای هاوبەش دەگەین، کە هەموو قسەکەرێك بێ جیاوازی ڕۆشنبیری و کەلتوری لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بێت پەیرەوی دەکات. ئەم بیرۆکەیە لای (گرایس) شێوەی بنەمایەك وەردەگرێت و ناوی ناوە بنەمای هاریکاری Completive Principle کە ئەمە دەقەکەیەتی : (( باگوتنەکەت هێندە بێت و لەو کات و شوێنە دا بێت و بەوجۆرە بێت، کەپێویستیی تێگەیشتن دەیەوێت)).

(محمد معروف ٢٠١٠: ٤٢٤)

٦- بەزاندن : بەزاندن کاتێك ڕوودەدات،کە قسەکەر بەئارەزوو لەبنەما وردەکانی هاریکاری دەردەچێت، هەندێکجار لەڕێگەی بەزاندن و شکاندنی یاسا ڕێزمانییەکانەوە بەتایبەتی لەشیعردا داهێنانێکی جوان دروست دەبێت. ئەوبەزاندنە بۆمەبەستی ئەدەبییە، گرینگی خۆی هەیە و شاعیر ئاگادارێتی دەزانێت بۆ ئاوەهادەکات.

**٢ / ٣ ) مۆبایلە شیعر:** ئەوفۆڕمە شیعریانەن کەلەڕێی وشەی ناسك و ڕیتمدارەوە کۆمەڵێك وێنەی شیعری جوان دەخەنە ڕوو. ئێستا ئەم فۆڕمە شیعریە جۆرێکە لە شیعر شاعیران دەتوانن

بەکەمترین وشە زۆرترین بروسکە ئازاری ناخ و خۆشەویستی هەستی پاکی خۆیان بکەنە چەپکە گوڵ و ئاراستەی عاشقانی شیعرو ئەدەبیاتی بکەن.

ڕەهەند و ئاستە هەمەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، بەدرێژایی قۆناغە جیاجیاکانی ژیان گۆڕانکاریان بەسەرداهاتوە، ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە خێرایەی تەکنەلۆجیاش هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە ، ئەدەب و هونەریش بێ بەش نین لەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنە، دەبینین بەهۆی ئەم پێشکەوتنە چەند ژانرێکی ئەدەبیش هاتۆتەکایەوە، یەکێك لەو داهێنانانە کە لەبواری ئەدەبدا هاتۆتەکایەوە، جۆرە شیعرێکە بەناوی ( مۆبایلە شیعر ) . ئەم جۆرە شیعرە کورتەو بە (( SMS )) واتە بەنامەی مۆبایلی بۆیەکتری دەنێرن، کەشیعرێکی کورت و چڕو پڕ مانایە لەچەند دێرێك تێپەڕ ناکات، بەبێ ئەوەی لەسەر کاغەز تۆمار بکرێت ڕاستەوخۆ لەڕێگای مۆبایلەوە بۆ ئەو کەسەی مەبەستی بێت دەینێرێت.

شیعریەت و ئیستاتیکای فۆڕمی مۆبایلە شیعر لەوەدابەرجەستە دەبێت کەبە وشەو دەربڕینێکی کورت و کەم و هونەریانە ، دیمەن و دۆخێکی ژیان بخەیتە بەرچاو و پرسیارێك لەپرسیارەکانی ئەم ژیانە جەنجاڵە بوروژێنیی، دەکرێت هەرلایەنێك لەلایەنەکانی ژیان (( کۆمەڵایەتی، دەرونی، فەلسەفی... هتد )) . بە مۆبایلە شیعر دەربڕدرێت.

گرینگترین ئەدگاری هونەریانەی فۆرمی مۆبایلە شیعر کورتیی و کەمی موفرەداتی زمانەوانییە، پێویستە ڕستە کورت و چڕ کراوەکان هونەریانە چرکرابێتنەوەو وشەو دەربڕینەکان شیانێکی سیمانتیکی وردبن و وێنە هونەریەکان وێنەیەکی تازەو سەرنج ڕاکێش بن، ئەوی بەچەند دێرو پەرەگرافێك دەکرێت، دەق نوس بەیەك دوو ڕستەی کورت بەرجەستەی بکات.(فوئادڕەشید٢٠٠٧: ١١٥).

**ئەوشارە، تۆی تیانەبوایە**

**کەی واجوان و دڵگیرەبوو؟**

**منیش، تۆم خۆش نەویستایە**

**دڵم ...لەلای کێ ژیرە بوو؟!**

**خالید**

**باشبڵاخی ٢٠٠٦ : ٥**

ئەگەر بەدیدێکی پڕاگماتیکیانە بڕوانینە ئەم مۆبایلە شیعرەی سەرەوە، واتەخوێندنەوەیەکی پڕاگماتیکیانەی بۆبکەین لەژێر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەری ، بەمشێوەیە واتاکەی لێکدەدەینەوە.( ئەو شارە) (ئەو) جێناوی ئاماژەیە وەك نیشانەیەکی پڕاگماتیکی ئاماژەیی بەکارهاتووە ، ئاماژە بەشوێن دەکات ، بەڵام نازانین شوێنەکە کەشارێکە مەبەستی چ شارێکە، بەڵام کاتێك شارەزاییمان لەدەوروبەری وتنەکە هەبوو زانیمان خۆشەویستەکەی کێیەو لە چ شارێك دەژی ئەوا بۆمان ڕوندەبێتەوە لەگەڵ کام شاریەتی. لەنیوە دێری دووەم پرسیار دەکات، دەزانیین کەپرسیارکردن لە ئەنجامی نەبوونی زانیارییە لەسەر پرسیارلێکراو و پێویستی بە وەڵامە، بەڵام ئەمە کردەی قسەییەو ڕستەی پرسیاری بۆ هەواڵگەیاندن بەکارهێناوە. هەروها لەنیوە دێری سێیەم جێناوی کەسی(( من ، تۆ ))، کە بۆکەسی یکەم و دووەمی تاکن بەشێوە ئاماژەیی بەکارهاتون تا بەئاگانەبین لەدەوروبەری قسەکردن نازانیین کەسی یەکەم و دووەم کێن، بەڵام هەرکاتێك زانیمان شاعیرەکە خالیدباشبڵاخییەو کەسی دووەمیش خۆشەویستەکەیەتی. لەنیوە دێری چوارەم دا کە بەشێوەی پرسیارو سەرسوڕمان دەربڕیوە کردەی قسەییە، پرسیارەکە وەڵامی نییە، بەڵکو شێوەی پرسیاری بۆستایشکردن

و پیاهەڵدان بەکارهێناوەو سەرسامی و نیاز پاکیی وخۆشەویستی خۆی بۆدەربڕیوە. گریمانە پێشەکیەکان لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەو کۆپلە شیعرەدا بەم شێوەیەیە:

>> شاعیر دڵدارو خۆشەویستی هەیە، واتە عاشقە.

>> شارەکە جوان و دڵگیرو خۆشە.

>> شاعیر کچێکی لەوشارە خۆشدەوێت.

>> دڵی شاعیر تەنها بەهۆی خۆشویستنی ئەوکچە ئارامی گرتووە.

>+ شاعیر کچێکی زۆر خۆش دەوێت، بەهۆی ئەو خۆشەویستەیەوە شارەکەشی لەلاجوان وخۆشە.

>+ نیاز پاکی و ستایشکردنی دڵدارەکەی دەکات بۆئەوەی لێی زویرنەبێت دڵی نەڕەنجێت.

>+ بەهۆی ئەو خۆشەویستەیەوە دەژیت ژیانی لەلاخۆشبووە.

**کوانوی دڵم، بەبێ پشکۆیە ئەم شەو**

**مۆبایلەکەم بێنامەی تۆیە ئەمشەو**

**دەڵێی شاری پیرە هەولێرم، بێ تۆ**

**لەشکری خەمیش هۆلاکۆیە ئەمشەو**

**خالید**

**باشبلاخی ٢٠٠٦ : ١٩**

لەنیوە دێری یەکەمدا یەکێك لەبنەماکانی هاریکاری، کەبنەمای چۆنیەتییە بەزێنراوە لەشێوە خواستندا، دڵی خۆی بەئاگردان و نامەکانیشی بەپشکۆ چواندوە، ئاگردان بەبێ پشکۆ کاریگەری و بایەخی نییە، لەکاتێکدا خۆشەویستەکەی نامەی بۆنەناردوە لەڕێگەی مۆبایلە کەیەوە دڵ نائارامە، دڵی خۆی بەو ئاگردانە بێ پشکۆیە چواندوە ، کە بەبێ پشکۆ هیچ بایەخی نییە دڵی و مۆبایلە کەشی بەبێ نامەی ئەو بایەخیان نییە. هەر لەم دێرەدا شوێن وەك نیشانەی پڕاگماتیکی بەکارهاتوە، کە دڵ و کوان و مۆبایلن و شوێن دەگەیەنن. هەروها کاتیش وەك نیشانەیەکی پڕاگماتیکی بەکارهاتوە، (ئەمشەو) ە ، تا زانیاریمان لەدەروبەری کاتی وتنی شیعرەکە نەبێت نازانین ئەمشەوە چ شەوێکەو لە چ مانگێك و چ ساڵێکدایە.

لەنیوە دێری دووەمدا ئەگەر خوێنەر زانیاری پێشینەی نەبێت لەسەر شاری هەولێرو هۆلاکۆ لەمەبەستەکەی ناگات، نیشانەی پڕاگماتیکی شوێن، بەشێوەی ناوی ڕووت کە(هەولێرە) دەربڕدراوە.هەروها ئەم گریمانە پێشەکییانەو لێکەوتە ئاخاوتەییانەی لێدەکەوێتەوە:

<< خۆشەویستی بەهۆی مۆبایلەوە دەکەن.

<< هەولێر شارێکی کۆنە.

<< هۆلاکۆ خاوەنی لەشکرێکی زۆرو بەتواناو زۆردارە.

<< لە بێ ئاگایی تۆ من وەك هەلێرم لێهاتوە .

<+ ئەونامانەی لەلایەن ئەوەوە بۆی دێت نامەی دڵدارین و هێزوتواناو خۆشەویستی پێدەبەخشن و بەگەنجی دەیهێڵنەوە.

<+ هۆلاکۆپاشایەکی زۆردارو داگیرکەربوو، ڕووی لەهەر شوێنێك بکردایە خەڵکەکەی دەکوشت و شوێنەکەشی خاپور دەکرد، نەناردنی نامەش لەلایەن خۆشەویستەکەیەوە ،دەبێتە هۆی خەمباری ئەو خەمەکەش وەك لەشکری هۆلاکۆ وایە بۆسەری ئەو.

**ئەگەر مەرگ ڕێگەی پێ نەدام**

**بگەمەلات .. ببورە لێم!**

**ئیجەی مەڕاقت لولی دام ،**

**دەستی کەنارت دورە لێم**

**خالید**

**باشبلاَخی ٢٠٠٦ : ٢٨**

لەدێری یەکەمدا داوای لێبوردن لەخۆشەویستەکەی دەکات ،کە مردن یەخەی دەگرێت و جارێکی تر نایبینێتەوە، ئەم جۆرە ڕستانە پێویستیان بە وەڵامە، بەڵام لەبەرئەوەی لەشێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆیە وپڕاگماتیکیانە بەکارهاتوە داوایەکەی شێوەی گلەیی وگازاندە ی وەرگرتوەو ، چونکە مەراقی ئەو وای لێکردوە ئەم ڕێگایە بگرێتەبەر، گلەیەکەشی بەسەرسورمانی دەربڕیوەو نیشانەی سەرسوڕمانی لەکۆتایی ڕستەکە داناوە. هەروها ئەم گریمانانەشی لێ بەدەست دێت:

<< جارێکی تر ناتبینمەوە.

<< داوای لێبوردن دەکەم.

<< لە مەراقی تۆ من وێڵ وسەرگەردان بووم.

<< فریام نەکەوتی.

( ئیجە ) وەك نیشانەی پڕاگماتیکی شوێن بەکارهاتووە، دەبێت زانیاری پێشینەمان هەبێت لەسەر (ئیجە) ،کەدەریایەکە دەکەوێتە وڵاتی تورکیاو لەنەوەتەکانی سەدەی ڕابردو خەڵکی کوردستان بەهەر هۆیەکەوە بووبێت ( هەژاری ،دوژمنایەتی ، سیاسی ،دڵداری ، تورڕبون .....) کۆچیان دەکرد بۆئەوروپا لەرێگای تورکیاوەو دەبوو بە شێوەیەکی نایاسایی بەدەریای ئیجەدا بپەڕنەوە ئەم رێگایە زۆر مەترسیدار بوو خەڵکێکی زۆر بوونە خۆراکی ماسی وقرشەکانی و خۆشەویستەکانی خۆیانیان نەدیوەتەوە.

<+ دووریی ومەراقی تۆ دە بنە هۆی مەرگی من و تۆش زۆر بیٚ باکی لەبەرانبەر مەرگی من و بەهانامەوە نایەیت.

<+ هێندە تامەزرۆی بینینی خۆشەویستەکەیەتی و نایبینێت و زۆری خەم لێدەخوات بەو خەمەوە دەمرێت.

**بیابان چەندە تینوی ئاوە؟**

**من، هەزار هێندە تینوی تۆم!**

**ئەشکی چاوانم ڕیٚ ئەکات**

**دەڵێی سیروان و تانجەڕۆم!!**

**خالید**

**باشبلاخی ٢٠٠٦ : ٥٥**

لێرەدا مەبەستە پڕاگماتیکییەکە لەبەکارهێنانی کردەی قسەییە، لەنیوە دێری یەکەمدا بەدەردەکەوێت ئەویش بەوەی کەپرسیار دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆیە، ئەم جۆرەی کردەی قسەیی جۆری کردەکەو مەبەستەکە ڕێك ناکەون، واتە پرسیارکردنەکە بەوەڵامێکی گونجاو وەڵام نادرێتەوە یان داخوازی جێبەجێ ناکرێت لەلایەن کەسی دووەمەوە یاخود داخوازی بەرستەی پرسیاری دەکرێت.بۆیە هەرخۆی لەنیوە دێری دووەم بەڕستەیەکی سەرسوڕمان وڵامی خۆی دەداتەوە، لە گفتوگۆی ئاساییدا ئەمە دووجار نەگونجاوە، جارێکیان ڕستەی پرسیاری بۆئەوە دەکرێت تۆ زانیاریت لەسەر بابەتەکە نییە و داوا لەبەرانبەرەکەت دەکەیت زایاریت پێبدات، جارێکیشیان بەڕستەی هەواڵی وەڵامی ڕستەی پرسیاری دەدرێتەوە، ئەوهاتوە خۆی پرسیاری کردوەو خۆشی وەڵامی خۆی داوەتەوە، بەڕستەی سەرسورمان وەڵامی ڕستەی پرسیاری داوەتەوە.

لەدێری دووەم بنەماکانی هاریکاری دەبەزێنێت بەم جۆرە. بنەمای چۆنیەتی بەزاندوە لەشێوەی خواستن، کەفرمێسکی خۆی چواندوە بەروباری سیروان و تانجەڕۆ. هەروها زێدە ڕۆیشیکردوە ، چونکە ڕشتنی فرمێسك بەهیچ شێوەیەك وەکو دوو ڕوباری لێنایەت، هەروها بنەمای چەندێتیشی بەزاندوە بەوەی دەی توانی بەچەند وشەیەکی کەمتر مەبەستەکەی بگەیەنێت،

شوێنیش وەکونیشانەی پڕاگماتیکی بەکارهاتوە، ئەوانیش بریتین لە( بیابان ، سیروان ، تانجەڕۆ ، چاو) ،ئەم شوێنانە لەشارەزابون لەدەروبەری قسەکردن و زانیاری پێشترمان لەسەریان دەزانرێت مەبەستی لەکوێیە.

<< بیابان شوێنێکی بێ ئاوە.

<< زۆردەگریم.

<< سیروان و تانجەڕۆ دوو ڕوباری گەورەن لەکوردستان و ئاوەکانیان بەخوڕ دەروات.

<+ تامەزرۆی بینینی یارە.

<+ له دووری یار ئەوەندە گریاوە فرمێسکەکانی ڕوباریان دروستکردوە.

<+ خۆشەویستیەکی زۆرو شێتانەی هەیە بۆیارەکەی.

**جێم مەهێڵە!**

**با...بەهەوری ئەشکی دیدەم**

**لافاوی نوحێ ... هەڵنەستێ!**

**گۆی زەوی نەکەمە دەریا**

**وشکایی تیانەبێ ... بستێ.**

**خالید**

**باشبلاخی ٢٠٠٦ : ٦٨**

مەبەستی پڕاگماتیکی لەشێوەی کردەی قسەیی بەکارهاتوە، لەیەکەم نیوەدێردا ، داوادەکات بەلاّم بەڕستەی سەرسوڕمانی دەربڕیوە، چاوەڕێی وەلاّمی داواکەی ناکات ، هەرخۆی وەلاّم دەداتەوەو ئەمجارەیان هەڕەشە دەکات، دەزانیین کەهەڕەشەکردن لەبەهێزی و دەسەلاّتەوە دەکرێت، بەلاّم هەڕەشەکەی ئەو جیاوازە ، ئەودەگرییێت لەبەر ئەوەی یارەکەی جێی دەهێڵێت، هەڕەشەکەی ئەوەیە ئەوەندە دەگری وفرمێسك دەڕێژێت تالافاوەکی وەك لافاوی نوح هەڵدەستێنێ، ئەوکات لەهەرشوێنێك بێت دەیخنکێنێ، هەروها بنەمای چۆنیەتی بەزاندوە بەشێوەی خواستن کەفرمێسکی خۆی بەلافاوی نوح چواندوە، هەروها زیادە ڕۆیەکی زۆریشی کردوە. بنەمای شێوازیشی بەزاندوە، چونکە تەم و مژیی و لێڵیەکی زۆری تێدایە ، ئەگەر زانیاریەکی زۆرت لەسەر ڕوداوەکان نەبێت، مەبەستەکەییت بۆ لێك نادرێتەوە.

نیشانەی پڕاگماتیکی کات بەشێوەیەکی پەنامەکی بەکارهاتوە، مێژوی ژیانی مرۆڤایەتی بەسەر دووکاتدا دابەشکراوە پێش لافاوەکەی نوح و دوای لافاوەکەی نوح، دوای لافاوەکەی نوح تەنها ئەوکەس و گیاندارانە رزگاریان بوو کەلەگەڵ نوح لە کەشتیەکەدابوون ، هیچ گیاندارێك لەسەر ڕووی زەوی نەمایەوە. ئەگەر خوێنەر زانیاری لەسەر لافاوی نوح نەبێت لە مەبەستی شیعرەکە ناگات ، چونکە بەشێوەیەکی پڕاگماتیکی بەکارهێنراوە.

<< یارەکەی جێی دەهێڵێ.

<< لە داخ و مەڕاقان چاوەکانی پڕدەبن لەفرمێسك و هەورێکی وادروستدەکەن ، بەو هەورە لافاوێکی هاوشێوەی لافاوی نوح دروستدەکات.

<< لافاوی نوح ڕوداوێکی مێژوییە، لە ڕۆژگارێکدا ڕویداوەو هەموو گۆی زەوی داپۆشیوە،کە خودا بۆتۆڵە سەندنەوە لەبێ باوەڕان ئەوانەی مەبەرانبەر نوح پێغەمبەر کردیان و باوەڕیان پێنەهێنا ئەم لافاوەی هەڵساند .

<+ بەفرمێسنی چاوەکانی لافاوێکی هاوشێوەی لافاوی نوح دروستدەکات، هەموو خەڵك لەناو دەبات ،تەنها ئەوانەنەبێت کەخۆی مەبەستییەتی.

**بەم پایزەش ،**

**لێوەکانت ... لەگوڵ دەچن ...**

**من ...منداڵێکی نەوسنم،**

**ئەوانیش...لەنوقڵ دەچن!!**

**خالید**

**باشبلاّخی ٢٠٠٦ : ١٧**

له كۆپلەیەدا (پایز) وەك نیشانەی كات ، بەشێوەیەكی پڕاگماتیكی بەكارهاتووە، له وەرزی پایزدا كەوەرزی سەرماوسۆڵە هەموو گوڵ و دارودرەختێك گەڵاكانی وشك دەبن و دەوەرن، ناوێكی تریشی هەیە ئەویش وەرزی گەڵارێزانە، شاعیر لەم شیعرەدا بنەماكانی چۆنیتی و شێوازو دروستی بەزاندوە، لێوی یارەكەی له ناسكی و جوانیی بە پەرەی گوڵ و لەشیرنیش بەنوقڵی و خۆشی بە منداڵ چواندوە ، هەروها زێدەڕۆییەكی زۆریشی كردوە.

<< پایز وەرزی وەرین و وشكبوونی گوڵ وگەڵای درەختەكانە، هاتنی سەرماوسوڵە.

<< منداڵ نەوسنەو هەرشتێك ببینێت داوای دەكات و دەیەوێت.

<+ ستایشی خۆشەویستەكەی دەكات و زۆری پیّدا هەڵدەڵێت.

<+ داوای ماچ له خۆشەویستەكەی دەكات.

**من...دڵم نێرگزەجاڕە**

**خەزان مەكەرە...میوانم...**

**عشق، گویٚ ناداتە یاسا**

**بەزیزبونت...نیگەرانم**

**خالید باشبلاّخی ٢٠٠٦ : ٥٣**

نیشانەی پڕاگماتیکی شوێن ( نێرگزەجاڕ )، کەبەشێوەی داڕشتن دروستیکردوە، لە (وشەی نێرگز + پاشگری جار ) ناوی شوێنی دروستکردوە، بەواتای ئەوشوێنەی کە گوڵە نێرگزی زۆر لێیەو شوێنێکی زۆر خۆش و سەرنج ڕاکێش و دڵگیرە، دڵی خۆی لەخۆشیان بەم شوێنە چواندوە. بنەمای چۆنیەتی بەزاندوە لەشێوەی خواستن دڵ بە نێرگزەجار ، هەروها بنەمای دروستیشی بەزاندوە، چونکە یاسا لەسەروی هەموو شتێکەوەیە هیچ شتێك نییە لەیاسا بەدەربێت، هەرشتێك گوێ بەیاسا نەدات توشی سزاو لێپێچینەوەدەبێت.

<< دڵم وەك نێرگزەجار فراوان و خۆشە.

<< عەشقەکە یان لەیاسا دەرچووە.

<+ بۆیەکەم جارە لەگەڵ یارەکەی دڵی خۆش بوە ، ئەویش بەهۆی لەیاسا دەرچونیان.

<+ داوای لێدەکات بەردەوامبن لەسەر ئەو خۆشەویستیەو توڕەی نەکات، چونکە توڕەبوون لەلای ئەو خەزانە.

**پیرۆزبایی و...ماڵئاوایی**

**هەرگیزناگونجێن پێکەوە..**

**چاوەڕێی شەربەتی ماچ بووم،**

**ژەهرت دا پێم...بەکێکەوە**

**خالید باشبلاخی ٢٠٠٦ : ٩٥**

لەم کۆپلە شیعرەدا بنەماکانی هاریکاری بەزێندراوە، بنەمای چەندیەتی بەزێندراوە، چونکە دەتوانی بەکەمترلەمە مەبەستەکە بگەیەنێت. هەروها بنەمای چۆنیەتی بەزێندراوە لەشێوەی خواستن ماچی بەشەربەت چواندوە. هەروها بنەمای دروستی ژەهرپێدان کەس ئامادەنییە بۆهیچ شتێك وبەقسەی کەس ژەهربخواتەوە، چونکە دەبێتە هۆی مردنی. هەروها بنەمای شێوازی بەشێوەی دژیەك بەزاندوە( پیرۆزبایی و ماڵئاوایی ). نیشانەی کاتیش بەشێوەیەکی پڕاگماتیکی بەکارهاتووە بەشێوەیەکی پەنامەکی، کەلە وشەی ( چاوەڕێ ) دادەردەکەوێت، بەڵام نازانین چاوەڕێکردنەکەی چەند بووە، تاکو زانیاری پێویستمان لەسەرکەسی قسەکەر نەبێت.

<< لەیەك کاتدا پیرۆزبایی و ماڵئاوایی لێدەکات.

<< چاوەڕێی شتێکی خۆش و باشی کردوە، بەڵام بەپێچەوانەوە گەڕاوەتەوە.

<<هەواڵی خۆش و ناخۆشی پێکەوە داوەتێ.

<+ خۆشەویستەکەی جا لەبەر هەر هۆیەك بووبێت داوای ماڵئاوایی و جیابوونەوەی لێدەکات.

<+ چاوەڕێی ئەوەی لە خۆشەویستەکەی دەکرد ماچی بداتێ پیرۆزبایی بەیەکگەیشتن و بۆیەك بوون لەیەکتری بکەن، بەڵام ئەو داوای ماڵئاوایی لێدەکات ،توشی (شۆکی ) کردوە.

<+ پیرۆزباییەکەی یەکەم جاری زۆر لاخۆش بووە، وایزانیوە ماچی دەداتێ و بەشەربەتی چواندووە ، بەڵام داتر کە ماڵئاوایی لێدەکات تێدەگات کەبۆیەکتر نابن، ئەو ماڵئاواییە بەوەدەچوێنێ کەژەهری بۆ بەکێکەوەکردوە بۆئەوەی بەئاسانی بیکوژێت.

**کەی دێی ، وەك هەنگ**

**شیلەی سۆزم بخۆیتەوە؟**

**بەڕێژنەی بارانی ماچت**

**سیمای...زەردم بشۆیتەوە!**

**خالید باشبلاخی ٢٠٠٦ : ٦٥**

لەم کۆپلە شیعرەدا بنەماکانی هاریکاری بەزێندراوە، بنەمای چەندێتی بەزێندراوە، چونکە داوای هاتنی یاردەکات بۆلای و دەیتوانی بە چەند وشەیەکی کەم ئەو داوایە بکات. بنەمای چۆنیەتی بەزاندوە بەم شێوانە، بەشێوەی خواستن کە یارەکەی بەهەنگ چواندوە و پێی دەڵێت وەك هەنگ وەرە، سۆزیشی بە شیلەی گوڵ چواندوە، ماچیشی بەدڵۆپی باران چواندوە. کات وەکو نیشانەیەکی پڕاگماتیکی بەشێوەیەکی پەنامەکی بەکارهاتوە، بەڵام کاتەکە نەزانراوە و قسەکەریش زانیاری لەبارەی کاتەکەوە نییە، دیاریکردنی کاتەکە تەنها خۆشەویستەکەی دەیزانێت کەچ کاتێکە.

کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆی بەکارهێناوە، چونکە جۆری کردەکەو مەبەستەکە یەك نین پرسیاری کردوەو هەرخۆی وەڵامەکەی بەداوا داوەتەوە داواکەشی بەسەرسوڕمان کردوە، ئەمەش لە گفتوگۆی ئاسایدا نەگونجاوە، پرسیار لەلایەن گوێگرەوە وەڵام دەدرێتەوە.

<< داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات سەردانی بکات.

<< لەدوری خۆشەویستەکەی ڕەنگی زەرد بووە.

<+ داوا لەخۆشەویستەکەی دەکات ماچی بکات، وەکو هەنگ چۆن شیلەی گوڵ دەمژێت.

<+ماچێکی زۆری لێبکات وەك ڕێژنەی باران، واتە ماچ بارانی بکات، بۆئەوەی ئەو ڕەنگە زەردەی لەئەنجامی دوری ئەوەوە توشی بووە بیشواتەوەو لایبەرێت.

# ئه نجام

١- میتۆدی بونیادگەری یەکێکە لەمیتۆدە نوێیەکانی ڕەخنەو کاریگەیەکی زۆری لەسەر پێشخستنی ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی هەیە، هەروها لەپێکهاتەی زمان و شیکردنەوەی لایەنی زمانەوانی دەورێکی باڵا لەپێشخستنی زمانیش دەبینێت، هەموو ئاستەکانی زمان بەشێوەیەکی ورد شیدەکاتەوە.

٢- میتۆدی بونیادگەری گرینگی بەخودی دەق و خوێنەرو پێکهاتە زمانییەکەی دەق دەدات و لایەنەکانی تری وەك نوسەر و باری کۆمەڵایەتی و مێژویی و ئابوری و...هتد، بەلاوەدەنێت. ئەم میتۆدە گرینگی تەواو بەخوێنەر  دەدات، هەرکاتێك دەقێك بڵاوبۆوە لەموڵکی نوسەر نامێنێت، ئەم دەقە چەند کەس بیخوێنێتەوە ئەوەندە خوێندنەوەی بۆدەکرێت، هەروها ئەم میتۆدە لایەنی باشی وخراپی دەق دەستنیشان ناکات، بەڵکو لەچۆنیەتی پێکهاتن و شیکردنەوەی زمانەوانیی و ئەدەبی بەپێی ئاستەکانی زمان و ژانرە ئەدەبییەکانی بۆ دەکات.

٣- پڕاگماتیك، دەمانگەیەنێت بەهەموو واتاشاراوەکان و مەبەستەکانی دەق و وتراو، تەمومژی و لێڵی دەڕەوێنێتەوە، دەق دەخاتە بەر نەشتەری شیکردنەوەو ڕۆدەچێتە ناو هەموو ئاستەکانی زمان و هەر دانەیەك لەهەر ئاستێك واتای لێکنەدرێتەوە لەپڕاگماتیك واتای لێکدەدرێتەوەو چارەسەری هەموو ئەو گرفتانە دەکات کە دێنە ڕێگای سیمانتیك.

٤- خوێندنەوەی پڕاگماتیکی بۆ دەق، واتە شیکردنەوەو لێکهەڵوەشاندنەوەی دەق و دارِشتنەوەی لەبنچینەدا، ئەدیب و نوسەر خاوەن دوو توانستن، یەکەمیان وەکو قسەکەری زمانەکەی، کە بەشێوەیەکی پاراو ڕێکوپێك بەکاریدەهێنێت، دووەمیان توانستی داهێنانە. ئەمەی دووەمیان زیاتر مەبەستەکە خۆی لە گەمەکردن بە وشەو بەزاندنی سیاقەکاندا دەبینێتەوە.

٥- خوێنەر کاتێك دەقێك هەڵدەسەنگێنێت، دەبێت لە واتای دەقەکەوە بۆ بەهای دەقەکە بچێت، ئەمەش لە ڕێگەی پەیوەندی و کاریگەری دەقەکە بەسەر خوێنەرەوە دەبێت.

# سەرچاوەکان


١-ئازاد ئەحمەد محمود، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە ٢٠، هەلێر، ٢٠١١.

٢- بەکر عومەر علی، میتافۆڕ لەڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.

٣-فواد ڕەشید ، ناسنامەی دەق، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥ .

٤- فواد ڕەشید ، دەقی ئەدەبی ( ئەدگار، چێژ ، بەها )، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەلێر، ٢٠٠٧ .

٥-قیس کاکل تۆفیق، جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردەقسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٥ .

٦-عبدالخالق یعقوبی، دەنگی بلورینی دەق، چاپخانەی ڕاز، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ وبڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٥ .

٧-عەلی تاهیر، ڕەخنەی بونیادگەری لەتیۆریەوە بۆ پڕاکتیکتیزەکردن، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨ .

٨-عومەر میراودەلی، زمانی دەق، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨ .

٩-عومەر محمود کریم، سیمای پڕاگماتیکیی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە،٢٠٠٩ .

١٠-عبدالواحید مشیر ، زانستی پڕاگماتیك، چاپخانەی پاك، هەولێر، ٢٠١١ .

١١-محمد معروف فتاح، لێکۆڵینەوی زمانەوانیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت ، هەولێر، ٢٠١٠ .

١٢- جميل صليبا، المعجم الفلسفى، دار الكتاب اللبنانى، بيروت، ١٩٧١ .

١٣-حسين الواد، من قراءة (النشأة) الى قراءة(التقبل) ندوة القراءة والكتابة، نشر جامعة تونس ١٩٨٨، .

١٤-صلاح فضل، نظرية البنائية فى النقد الادبى، طبعة الثالثة، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧ .

١٥-فاضل ثامر، الصوت الاخر، الطبعة الاولى، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٣ .

١٦-شكرى عزيز الماضى، فى النظرية الادب، دار الحداثة، بيروت، ١٩٨٥ .

١٧-محمد عبدالعظيم، معانى النص الشعرى طرق الانتاج وسبل الاستقطار، ندوة صناعة المعنى وتأويل النص، نشر جامعة تونس، ١٩٩٢ .

١٨-ميلكا افيتش، اتجاهات البحث اللسانى، ترجمة سيد عبدالعزيز مصلوبة و وفاء كامل فايد، بغداد، ١٩٩٦ .

١٩-G.leech, The principles of pragmatics, longman ,USA, ١٩٨٣.

٢٠- Iser , wolfgang , prospecting: from reader responseto literary anthropology , baltimor , johas up ,١٩٧٩.

٢١- Stanly fish,Is there a text in this class? The Authority of Interpretative communitics , Harvard up,١٩٨٠.

## سەرچاوەی نمونەکان

١- خالید باشبلاخی، مۆبایلە شیعر، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئارابخا، کرکوك، ٢٠٠٦ .

٢- خالید باشبلاخی، مۆبایلە شیعر، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچراو، سلێمانی، ٢٠٠٦ .

# ملخص البحث

هذا البحث الموسوم ب ( المنهج البنيوي والنظرة البراغماتية، الشعر الموبايلى أنموذجا) ، حاول الباحث فيه قراء ة براغماتية لهذا النوع من الشعر، وذالك فى ضوء المنهج البنيوي ، وتجدر الاشارة الى حداثة هذا النوع من الشعر فى الادب الكردى و خصوصيته و تمييزه عن الانواع الاخرى من الشعر و بيان بعض جوانبه.

وجاء البحث من مقدمة و فصلين و نتائج وملخص للبحث، فقد خصص الفصل الاول بتعريف ، أسس المنهج و مبادئه وأهميته فى الادب.

أما الفصل الثاني فقد تطرق الباحث فيه الى الشعر الموبايلى وخصائصه، وأورد نماذج شعرية من هذا النوع فى شعر،الشاعر (خاليد باشبلاخى)، وقام بتحليلها بحسب الحالات البراغماتية.

# Abstract

This study is titled " Constructive approach from the perspective of pragmatics: short phone message poems as a "model

This study considers a particular type of poetry from the - perspective of constructive approach in association with pragmatics. This type of poetry is to some extent new in the field of the Kurdish literature , moreover, it has its own distinctive features. Thus, this study introdvces this type of .poetry as well as illustrates some of its main aspects

This study consists of an introduction, two chapters and conclusion in to its abstract. The first chapter is devoted to the principles and the significance of this method in literature. Chapter two considers short phone massage poems and their characteristic, as well as examining some short phone message poems by" Khalid Bash-blaxy" from the pragmatical perspective